پێشوا هەورامانی: سەرەڕای موچەبڕین بەڕام مەسرور بارزانی خەریکی دروستکردنی داهاتویەکی باشترە

پێشەوا هەورامانی وتەبێژی حکومەتی هەرێم رایدەگەیەنێت، سەرەڕای موچەبڕین و تاقیکردنەوە بەهەمو رێگایەك، بەڕام مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیران خەریکی دروستکردنی داهاتویەکی باشترە بۆ میللەت.

پێشەوا هەورامانی لەپەیامێکدا لەژێرناونیشانی (لە بەڕێشکی وە بۆ واشنتن) نوسیویەتی، "بە قەیران و موچە بڕین و تاقیکردنەوەی هەمو ڕێگایەك بۆ سارکردنەوە و بۆ هیواکردنت، بەڕام نەك بەهێزو بەتوانا وەستایت، بەڵکو بە ئومێد و هیواوە خەریکی داهاتوییەکی باشتر بۆ میللەتەکەت دروست دەکەیت".

راشیگەیاندوە، "لە گرفت و کێشەکان دەرفەتت دروستکرد، لە گوشارەکان هێز و لە ڕێگا بنبەستەکان دەرچە، ئەمە ڕێگای مەزنە پیاوانە".

باسی لەوەشکردوە، "بەر لەسەفەر بۆ ئەمریکا، سەرۆك وەزیران لەگەڵەکی بەڕێشکی دەکەوە ماڵەکانی بەسەر دەکردنەوە بۆ پرسیاری کارەباکەیان، ئێستاش لە واشنتنە بۆ تەواوکردنی ئەوەی دەستیپێکرد، سەرکردەی گەورە دێتە ناو وردەکاری ژیانی

هاونیشتیمانییەکانی لەپاڵ ئەمەشدا، نەخشەی گەورەکەی جیهان و پێگەی گەلەکەی لەسەر ئەو نەخشەیەی فەرامۆش ناکات".

دەشێت، "ئێستا، کوردستان بە قەبارەیەکی زۆر گەورەتر لەسەر نەخشەی وزەی جیهانەی، ئەمەش بە مانای پێگەیەکی گەورەتر و داهاتویەکی گەشترەی بۆ گەلەکەمان، بەڵام ئەمە چەپڵەی دەوێت".